پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی جێنەهێشت نە دینار ونە درهەم ونە مەڕ ونە وشتر، ولە (میراتدا) وەسیەتی سەبارەت بە هیچ شتێک نەکرد

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێکی جێنەهێشت نە دینار ونە درهەم ونە مەڕ ونە وشتر، ولە (میراتدا) وەسیەتی سەبارەت بە هیچ شتێک نەکرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەو دەکات کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە پاش مردنی هیچ شتێکی جێنەهێشت نە زۆر و نە کەم، و نە وشتر ونە هیچ جۆرێکی تر لە شتومەک وسامانی جێنەهێشت، وهەروەها وەسیەتی نەکرد سەبارەت بە هیچ شتێک؛ مەبەست وەسیەتی تایبەتە، چونکە مرۆڤ ئەگەر هەندێک شتی لە میرات هەبێت وەسیەت دەکات سەبارەتیان بۆ میراتگران، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هیچ شتێک لە سامانی جێنەهێشت کە وەستیان سەبارەت بکات، بەڵام وەسیەت وئامۆژگاری کرد سەبارەت بە شتی تر، ولەوانەش: پاراستنی نوێژەکان، ودەرکردنی جولەکە وگاورەکان لە دوورگەی عەرەب وچەند شتێکی تریش کە لە فەرموودەی تردا هاتووە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10987